Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# دوو شیعری راوێژ هیرانی



(1)

## ناونیشانت بگۆڕە

لەو هەموو گەڕەکەی عیشق
هەر دەبا
ماڵتان لە گەڕەکی خەفەت بێ؟!
ئێ نەدەکرا
خانووتان لە گەڕەکی تریفە و
ژوورت لەناو ئەرخەوان بێ؟!
بۆ ناکرێ ئێستا ماڵتان بگوازییەوە و
بێی بۆ کۆلانی غەریبی ئەو دڵەی من ؟!
کە هاتی ئەوسا دەزانی
غوربەت چەند جوان بەخێرهانی تۆ دەکا!
کە هاتی ئەوسا دەزانی
مەنفا چەندە زار و زوبان  شیرینە و
کت و مت لە چاوت دەکا ؟

(2)

## پرسەی غافڵێکی سەرگەشتە

دڵم تەنگە و وشە نایە پرسە و کۆستی
ئەم عەشقەی من
تابوون بوون بێ

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

## دوایی نایە

کە دەمەوێ لە تۆ بدوێم
خەڵوەتم بە بیر دێتەوە
لەناو ئازاری دووریدا
زام بە زام .. کۆست بە کۆستم دەکولێتەوە!
هەر زوو هاتی...
پێشبینیم کرد .. زووش کۆچ دەکەی
بۆیە لێم روون بوو .. ئەمزانی
هەر رۆژێ بێ ...
هەتاوی من
لە باوەشی پێکەنینی بەیانی تۆ
هەڵبێتەوە !
بۆ دووبارە لە رۆژێکی رەش و شوومی
وەکو ئەمڕۆ ...
دەڕوات و ناگەڕێتەوە..!
دەسا کچێ ..
چاوی نزمت بۆم هەڵبڕە
ئەوەی هەتە لە پەشیمانی
لە سۆراغ .. لە هەر شتێ
زوو کە ڕێوارێکی کۆچەریم
بەیەك نیگا بۆم دەربڕە..!

**ئەم دوو شیعرە لە دیوانی سەرابە ئاتەشییەکانی راوێژ بلاْوکراونەتەوە. کە لە ساڵی 1996 لە هەولێر چاپکراوە.**